# چۆنییەتیی نووسینی وتار و توێژینەوە بە شێوازی ئاکادیمیک!
## بەشی پێنجەم ( کۆتایی )

خەتاب سابیر
Khatabs@hotmail.com

لەدرێژەی ئەم باسەدا، ئەم بەشە کە دوابەش دەبێت. بەشێوەیەکی کورت دەیەوێ لێوەرگرتن لەسەرچاوەی ترەوە بداتە بەر رۆشنایی ، پلەیجەریزم وەک دەردێکی کوشندە تاوتوێ بکات و دواتریش بەکورتیی ، خاڵبەندیی روونبکاتەوە و بە ئەنجامگیرییەکی کورتەوە کۆتایی بەباتەکە بهێنێت.

**پلەیجەریزم ( Plagiarism )**

بەباوەڕی ئەم نووسینە،پلەیجەریزم ، گرنگیی و وردەکارییەکانی، لەچاو بەشەکانی تری پرۆسەی نووسیندا ، دەبێ زیاتر لەبەرچاوبگیردرێ. بەکورتیی و بەکوردیی ، هەرکەسێک لەنووسینێکدا بیەوێت بیری کەسێکی تر ، یان شتی رێکخراوێکی سیاسیی یان پیشەیی تر بەکاربهێنێت و بیکات بەماڵی خۆی، تەنانەت ئەگەر وشەیەکی نوێش بەکاربهێنێت ، ماڵی خۆی نەبێت،واتە بەبێ ئەوەی دەستنیشانی ئەو سەرچاوەیە بکات کەلێی وەرگرتووە،ئەوا بێ ئەملاوئەولا ئەو نووسینە دزییەو نووسەرەکەیشی پلەیجەریستە( تالانچییە ) .

پلەیجەریستیی ، دوو شێوەی دیاری هەیە:

1- پاش خوێندنەوەی دەقێک ، یان لاپەڕەیەک لە کتێبێکدا ،تەنانەت پارەگرافێک یان دێڕێکیش ، ئەو کەسە ئەم بیرەی لا جێکەوت دەبێت و سەرنجی پێوەی دەنووسێت . کەسی خوێنەر، کە دەبێ بەنووسەر، حەز دەکات لە هەرشوێنێکدا بۆی هەڵسوورا ئەم بۆچوونە ، جا چ بە گفتوگۆ بێت یان بەنووسین، بە خەڵکانی تر بگەیەنێت . هەرچی شتی سەرزارەکییە ئەوەندە کۆتوبەندی ئاکادیمیکی تیادا نییە. بەڵام کاتێک ئەو بۆچوونانە دەترینجێنرێنە ناو بابەتێکی نووسراوەوە و ئاماژە بەسەرچاوەکەی ناکرێت ، ئیتر نووسەر نەک هەر دزیی کردووە بەڵکوو درۆ، لەگەڵ خۆی و خوێنەریشدا دەکات.

2- هەندێ نووسەری لاواز و چەکل و بەیاننامەنووس هەن، هەر رێکوڕەوان وشەکە یان دەقەکە دەگوازنەوە و بەماڵی خۆیانی دەکەن. تەنانەت بەئەوەندەش دڵیان ئاوناخواتەوە، بۆ ئەوەی زیاتر خوێنەر چەواشە بکەن، وشەو رستەی تر دەدەنە پاڵی و بەئەندێشەی ئەوەی بربەندی لێدەدەن ، ئیتر خۆماڵیی دەکەن و لەسەر خۆیانی تاپۆ دەکەن. ئەم جۆرە لەنووسەران ، نەک هەر سەرچاوەکە دیاریی ناکەن، بەڵکوو لەپاڵ دزییەکەشدا کەشوفش دەکەن ، خۆیانی زیاتر پێوە رادەدەن، کە شتێکی نوێیان داهێناوە.

شتێکی تری زۆر سەیرو گاڵتەجاڕیی داهاتووە لەناو هەندێ نووسەرانی کوردزماندا کە فارسیی و عەرەبیی سەرچاوەی سەرەکیی خوێندنەوەکانیانە ،زۆر جار کە شتێک دەنووسن، بۆ خۆهەڵنان و کەشوفش و پۆز لێدان ، هەندێ سەرچاوەی زمانە بیانییەکانی تر وەک ( ئینگلیزیی و ئاڵمانیی و فرانسیی ....هتد ) دیاریدەکەن. ئەمە لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێ ،ئەم نووسەرانە کە شتێک دەخوێننەوە بەزمانی فارسیی یان عەرەبیی ، جا چ وەرگێردرابێت بۆ ئەو زمانانە( عەرەبیی و فارسیی ) یان بەهەمان زمان نووسرابێت، ئەو بەشانەی لەو کتێبەدا وەرگیراون و ریفرێنس کراون بۆ ئەو سەرچاوانەی کە بەزمانە بیانییەکان ، پشتیان پێی بەستراوە ، رێک بۆ ناو نووسینەکانی خۆیانی دەگوازنەوە. ئەمەش دەبێ پلەیجەریستی پێ دەڵێن،نووسەر دوو جار دزیی دەکات. جارێک لەسەرچاوە فارسیی یان عەرەبییەکەوە، جارێکی تریش بە ئارەزووی خۆی ریفرێنسی فارسییەکە یان عەرەبییەکە بەریفرێنسی خۆی دەکات . لەمەدا مەبەست جگە لە کڵاوکردنە سەر خوێنەر ،هەستێکی خۆبەکەمزانیی لەنووسەردا هەیە کە دەیەوێ بەخوێنەر بڵێ ، یاروو ئاخر نووسەر زمانی ئینگلیزیی ، فرانسیی ، ئاڵمانیی و...چیی و چیی دەزانێ .

زۆربەی ئەو وتارانەی دەنووسرێن لە ئێستادا ، کۆمێنتی گەرموگوڕی رۆژنامەگەریین . واتە دوورن لەستانداردی ئاکادیمیک بوونەوە،بەختیار عەلی وشەی " ستوونووس " بەکاردەهێنێت ، کەدەکرێت بەجوانترین وشە بۆ دیاریکردنی کاراکتەری زۆربەری نووسەرانی نەوەی نوێ، بەکاربببرێت . یەکێک لەگەورەترین بەڵاکانی "ئێمە"ی بەناو خوێندەوار ئەوەیە، لەهەموو قازانێکدا کەوچکین . لەیەک کاتدا، سیاسیی و هونەردۆست و یاسایی و شاعیرو نووسەرو ئاکادیمیست و پسپۆر لە ژینگەو ئابووریی ناس و.....زۆر شتی تریش هەین . پێمان شوورەییە بڵێین سەر لەبابەتێک دەرناکەین و لەسەر هەموو شتێکیش هەڵدەدەینێ . زۆربەی ئەم نووسین و بۆچوونانەی لە وتارگەلێکی لەو چەشنەدا دادەڕێژرێنەوە ، لێوانلێوە لە پلەیجەریزم ،بێئەوەی بچووکترین ئاماژە، بە سەرچاوە سەرەکیی و ئۆریجناڵەکان بدرێت .

پلەیجەریزم هەر تەنها ئەوە نییە کە نووسەر ماڵی خەڵک دەکات بە ماڵی خۆی، بەڵکوو پاڵنەرێکی تری پلەیجەریستەکان ئەوەیە کە ئەو باکگراوندە سیاسیی و زانستیی و ئاکادیمیکیی و ویژەیی ..... یەی هتد کەهەیانە ،باکگراوندێکی تووندوتۆڵ نییە . لەلایەکەوە نووسەر زەخیرەی نووسینی تەواوی پێ نییە ،یان هەیەو سنووردار و دیاریکراوە. سەرەڕای هەندێ لە زەخیرەکان، لەبنەچەدا، سەقەت و گێروگەوارن ، یان لەباشترین هەلومەرجدا ئێکسپایەر بوونە . کەچیی بەم شێوەیەشەوە دەمانەوێ خۆمان بەخوێنەر وا پیشان بدەین کە خاوەن ئەزموونین و لێمان دەڕژێتەوە . ئەمەش یەکێکی ترە لەدەردە کوشندە کرۆنۆلۆژییەکانی تری ناخی نووسەرگەلێکی کورد، کە لەهەموو بوارێکدا خۆمان بەزانا و بەوەستا دەزانین و خۆمان وا دەنوێنین، کە تفاقی هەموو ڕشتە جیاوازەکانی نووسینمان پێیە .

## جۆرەکانی ریفرێنسکردن

باوترین جۆری ریفرێنس، لە دنیادا، هەردوو ریفرێنسی هاڤەرد (هارڤەرد) و ئەی پی ئەیە ( Harvard and APA ) .( ئەی پی ئەی کورتکراوەی (American Psychological Association (APA)) ە . هەندێ ریفرێنسی تر هەیە لەچەشنی Modern Language Association (MLA)، وشیکاگۆ ستایڵ وڤانکۆڤەر ستایڵ و...هتد. ( Essay Today , Web site )

## هاڤەرد و ئەی پی ئەی

جیاوازییەکی ئەوتۆ نییە لەنێوان ئەم دوو سیستەمەدا ، تەنها لەهەندێ وردەکاریی ،کەمدا نەبێت. وەک ئەم نموونانە :
ستایڵی ئەی پی ئەی :- ( شێرزاد حەسەن، 2004، لا69 )
ستایڵی هاڤەرد :- ( شێرزاد حەسەن 2004 :69 ) یان ( شێرزاد حەسەن 2004 ، 69 ) . لەناو نووسینەکەدا نووسەر تەنها ناوی نووسەری ئەو کتێبە دەبات کە زانیاریی لێوە وەرگرتووە ، لەگەڵ ساڵی دەرچوونی و ژمارەی لاپەڕەکەیدا... درێژەی ریفرێنسەکە دەکرێ لە بیبلیۆگرافیی( bibliography ) وتارەکەدا بنووسرێ یان بە فووتنۆت ( Footnotes ) لە دامێنی ئەو لاپەڕەیەدا بنووسرێ کە نووسەر ژمارەی بۆداناوە. یەکێکی تر لەخەسڵەتەکانی هاڤەرد ئەوەیە کە ناوی کتێبەکە دەبێت بە ئیتالیک ( واتە خەتی خوار بنووسرێ وەک ئەمە ( *Italic* ) ، یان لەبری ئەوەی بەخەتی لار بنووسرێ ، دەکرێ بیکەیتە ناو ئەم جۆرە کەوانەیەوە ( گوێ کەوانە ) وەک " پێدەشتی کارامزە کوژراوەکان" .
فووتنۆت ، سیستەمێکی کۆنە ، بەلام ئاسانییەکەی لەوەدایە کە خوێنەر راستەوخۆ دەچێتە سەر ریفرێنسەکە لە دامێنێ لاپەڕەکەدا ، بەلام دەبێت هەموو ریفرێنسەکان دووبارە بکرێنەوە لە بیبلیۆگرافیی( bibliography ) وتارەکەدا کە لەدوای هەموو شتێکەوە دێت .

## ریفرێنسی کتێب دەکرێ لەم چەند دێڕەدا کورتبکرێتەوە:

نازناوی نووسەر ( مەبەست لە Surname ) ، فاریزە دابنرێ ( ، ) ناوی یەکەمی نووسەر دەکرێ بەیەکەم پیتی ناوەکەی بنووسرێ ، فاریزە، ساڵی دەرچوونی کتێب، کەدەکرێ لەناو کەوانەدا دابنرێ یان بەپێچەوانەوە ، خاڵ . ناوی کتێبەکە ( بە ئیتالیک بنووسرێ یان لەناو " کەوانەی گوێدارا " بێت ،فاریزە، ناوی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەکەی ،فاریزە، ناوی ئەو شارەی لێی بلاوبووەتەوە .

نموونەیەک لەسەر ریفرێنسکردن، لەکتێبەوە:

( سارتەر بەروونیی تێروانینە ئەدنێشەییەکان و چەمکەکانی تری بیرکردنەوەی مرۆڤ دیاریدەکات ) . ئەو دەقەی ناو کەوانەکە، دەکرێ بلێی بۆچوونێکی گشتییەو بە خوێندنەوەو زانیاریی گشتیی نووسەرەکەوە پێوەندە. بەڵام لەراستیدا وا نییە. ئەم بۆچوونە پێشتر کەسێکی تر قسەی لەسەر کردووە ، ئەویش د .محەمەد کەمالە . لەلاپەڕەی 90-91 ی کتێبی ( ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ )ەوە وەرگیردراوە .

ریفرێنسی ئەو تێکستە ، لە ناو نووسینەکەدا بەم شێوەیەی خوارەوە دەکرێ :
( د.کەمال 2001 ، لا 90-91 )
لە بیبلیۆگرافیاشدا ، بەم شێوەیەی خوارەوە دەنووسرێ :

د.کەمال، م ، 2001 . *ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤ* ، دەزگای هەوار، ئەدلاید ، ئوستراليا.
سەرنج: ئەگەر رێنووسی تایتڵی کتێبەکەش هەڵە بێت ، وەک لەم کتێبەدا بەدیار دەکەوێت، نووسەری ریفرێنسکار دەبێ وەک خۆی بینووسێتەوە .

ریفرێنسی ژۆرناڵ ( گۆڤار ) بەم شێوەیە دەبێت :
نازناوی نووسەر،ناوی یەکەمی ، ساڵی دەرچوونی . ناوی وتارەکە کەلەناو ژۆرناڵەکەدا هاتووە. ناوی ژۆرناڵەکە بە ئیتالیک ،ژمارەی ژۆرناڵەکەو ژمارەی لاپەڕەی ژۆرناڵەکە .
بۆ نموونە :

باریت،م 1999 . سەرمایەداریی و سەربەستی ژنان . *سەردەم* ، سلێمانیی ، لا167-168 .
لێرەدا دەبێ سەرنجی ئەوە بدرێ کە وشەی *سەردەم* ناوی ژۆرناڵەکەیە بە ئیتالیک نووسراوە، دەکرێ لەدوای تەواوبوونی ریفرێنسەکەوە لەناو کەوانەیەکدا بنووسرێ ( لەوەرگێڕانی ئاوات ئەحمەد ) .

ریفرێنس لەوێب سایتەوە
ئەم جۆرە ریفرێنسە زۆرترین هەڵەی تیادا دەکرێ، دیارە لەبەر ئەوەی ئینتەرنێت شتێکی نوێیەو ئەم ریفرێنسەش هەمووی چەند ساڵێکە برەوی پەیداکردووە. ئەم نموونەیەی خوارەوە ئەم جۆرە لەریفرێنس روون دەکاتەوە .

Galbraith, Peter W 2005 . *Creating an Iran-Iraq axis,*_Bitter Lemons International.
Available at: http://www.kurdmedia.com/reports.asp?id=2719
Accessed: 22-08-2005
زۆر گرنگە نووسەر ئەو رۆژە دیاریی بکات کە ئەکسێسی کردووە بۆ لینکەکە، هەروەها لینکەکە بە کۆپی وەربگرێت و پەیستی بکات وەک خۆی دابنرێتەوە .

---

خاڵبەندیی ( Punctuation )
خاڵبەندیی چییە؟، بۆچیی پێویستە بۆ نووسین؟. لە راستییدا نووسین بەبێ خاڵبەندیی،گەڕەلاوژەیی و زۆربلێییە و هیچ چێژێک بەخوێنەر ناگەیەنێت . خاڵبەندیی ، کۆمەڵێ تەقەڵە کە جوومگەکانی لەشی وتارەکە یان بابەتەکە بەیەکەوە دەبەستێتەوەو لەشوێنێ پێویستیشدا لەیەکیان جیادەکاتەوە. ئەو نووسەرانەی کە وتار دەنووسن لە نووکەوە بۆ بن،یان بەدیاریکراوی ئەوی نووسینەکانی ، هەر وشە لێک هەڵدوورین بێت و پارەگرافی تیانەبێت، یان بەشێوەیەکی گشتیی ، وەک رەشکە درابێ

بەسەریەکدا، جگە لەسەریەشاندنی خۆی و خوێنەر ، بەدڵنیاییەوە کەم کەس پشوودرێژیی خوێندنەوەی تەواوی وتارەکەی دەبێت .

کاتێ خوێنەر پارەگرافێک دەخوێنێتەوە، بێگومان تاسە و نشێو و هەوراز و تەختایی و کەند ....هتد تێ دەکەوێت . بۆ هەر هەڵبەزو دابەزێک ،لە ئاوازی خوێندنەوەی رستەکاندا، لەشوێنی پێویستدا ، خاڵبەندیی بایەخی تایبەتیی خۆی هەیە. رۆژنامەو گۆڤارەکان ئازادن لەوەی کە چۆن خاڵبەندیی بۆ نووسینەکان دادەنێن و چۆن پارەگراف پارەگرافی دەکەن. بەڵام کاتێ نووسەر خۆی بە وێرد ( Word ) وتارەکە بنووسێ ، و لە نێتدا بلاوی بکاتەوە ، یان تەنانەت بۆ رۆژنامەو گۆڤارەکانیشی بنێرێ ، ئەوا پێویستە رەچاوی کەم تازۆری خاڵبەندیی بکات.

بۆ روونکردنەوەی خاڵبەندیی ، ئەم نموونەیە کە لە شیکردنەوەی ستراتیژی نووسیندا لەکتێبی ( Academic writing in context )# ەوە وەرگیراوە ، دەکرێت بە هەند وەربگیردرێ ، لەبەر دوو خاڵی گرنگ :

1- دیارییکردنی چوارچێوەی ئاکادیمیک، بۆ سەرجەم وتارە کۆکراوەکانی ناو کتێبەکە.
2- کتێبەکە ستراتیژێکی نوێی بۆ نووسین بە شێوازی ئاکادیمیک ، داهێناوە.

نموونەکە ئەمەیە:

سامانی نەتەوەکان ( 1776 ) ی ئادەم سمیس ( Adam Smith ) ، کە مێژووی بۆچوونە ئابوورییەکانە ،بە یەکێک لە گەورەترین شاکارە ئابوورییەکان دادەنرێت. ئەم کتێبە، جار لەدوای جار شیکراوەتەوەو هەرجارەش زیاتر بایەخ بە بوونیادی تیۆریی ئادەم سمیس دراوە. کارکردی ئەو نووسینە ئۆریجناڵەو میتۆدۆلۆژیی شیکردنەوەکانی و ئەو رەوتانەی پێوەندییان بە سمیس و مامۆستاکانی ئەوەوە هەیە، ریزبەندیی کراوان . ( Hewings,2001,p.150 ) . ئەم تێکستە ( کە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی کوردیی ) ،خاڵبەندییەکانی وەک خۆی دانراونەتەوە ، بەیەکێک لە ئاکادیمیکترین تێکست و بەرزترین ئاستی نووسین لە بواری ئابووریی سیاسییدا بەئەژمارد دێت .

ئەنجامگیریی ( مەبەست لەکۆنکلوژنە – Conclusion )

زمان زانین و دارشتنەوەی ئەو زانینە بەنووسینی ئاکادیمیک، کارێکی وردو پڕ لەسەلیقەیە . نووسینی وتارو لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بەزمانێکی ئاکادیمیکی ستاندارد ، گەرەنتی سەرکەوتنی یەکەم هەنگاوی نووسەرە ، بۆ چوونە ناو پرۆژەکەیەوە . نووسین ، ئۆرگەنایزکردنی کۆمەڵێ بیری جیاوازو کۆمەڵێ کۆنسێپتی جودا جودایە و بەشوێن وەڵامدا وێڵن و دەگەڕێن . نووسەر لەسەری پێویستە، بە پێشەکییەکەوە بچێتە ناو باسەکەوەو سەردێرە گشتییەکانی لەشوڵاری وتارەکەی دەستنیشان بکات و دواتریش لەچەندین بەشی تردا بە درێژیی باسی جومگەکانی ئەو لەشولارە بکات و ئارگیومێنتەکان بە جوانیی و ڕێکیی بەدوای کێشەو گرفتەکانی ناو باسەکەدا بچن و ئایدیاکانی ناو نووسینەکە بەئایدیای کەسانی تر مکۆمتر بکرێن . پرسیارە ورووژێنراوەکان ، دەبێ وەڵامی پڕ بەپێستی خۆیان وەرگرنەوە .

باشتریشە کە بەشێک لە ئارگیومێنتەکان ، بەتایبەتیی لەدواوە، بۆ بۆ دژەبیرو باوەڕە پێچەوانەکانی ناواخنی وتار و توێژینەوەکە تەرخان بکرێت . هاوکات ئەم بیرە کۆنتراتیکدتە بەبیری کەسانی تر مکۆم بکرێت کە پێچەوانەی ئاراستەی نووسینی وتارو بابەتەکەی نووسەر سەوڵ لێدەدەن. ئەمانە زامنی ئەوە دەدەن ، کە نووسەر خۆی ماندوو کردووەو گەڕاوە بەدوای سەرچاوەی جیاواز جیاوازدا و شارەزایی هەیە لە قوڵایی بابەتەکەو زەخیرەی باشی کۆکردووەتەوە و دزییشی نەکردووە لەکەس و ئەگەر بیری کەسێکی تریشی وەرگرتبێت ، ئەوا بە دەستپاکییەوە ئاماژە بەسەرچاوەکەی داوە و ریفرێنسی بۆ سەرچاوەکان کردووە . گرنگیشە زنجیرەی ریفرێنسەکان بە ئەلفوبێ بێ .

لەکۆتایی ئەم نووسینەدا، هیوادارم توانیبێتم بەردێک بخەمە سەر دارێک و سوودێکم بەخوێنەر گەیاندبێت . داوای لێبووردنیش لەخوێنەران دەکەم ،سەرەڕای گرنگییدانی زۆرم بەزمان ، ئەگەری زۆر هەیە هێشتا، هەڵەی ( زمانەوانیی ) م کردبێت . کەس ناتوانێ بڵێ هەڵە ناکەم و هیچ کتێبێکیش لە دنیادا نادۆزرێتەوە بێ خەوش بێت لە هەڵەی زمانەوانیی . دڵنیام لەوەی ماندوو بوونەکەم بەنووسینی ئەم باسەوە بە فیرۆ ناچێت و کەم تازۆر جێگەی خۆی دەگرێت.

---

Footnotes:

Differences between Harvard and APA in-text referencing , Essay Today, the Use of Harvard system .
Available : http://www.essaytoday.com/harvard_apa.shtml
Accessed: 25-08-2005
#
Hewings, M (ed) 2001. *Academic Writing in context* , Implications and applications, The University of Birmingham, MPG Books, London.

---

## (bibliography) ( بیبلیۆگرافیی )


بارێت،م 1999 . سەرمایەداریی و سەربەستی ژنان . *سەردەم* ، سلێمانیی ، لا167-168 .

Chomsky, N and Halle M (eds) 1968. *The Sound Pattern Of English*, Harper and Row, New York, Evanston, and London.

د.کەمال، م ، 2001 . *ئۆنتۆلۆجی بنەرەتی و بوونی مرۆڤ* ، دەزگای هەوار، ئەدلاید ، ئوستراليا.

Differences between Harvard and APA in-text referencing , Essay Today, the Use of Harvard system .
Available : http://www.essaytoday.com/harvard_apa.shtml
Accessed: 25-08-2005

Flower, Linda.1981 " *Problem Solving Strategies for Writing*", Harcourt Brace Jovanovich, New York, San Diego, Chicago, San Francisco, Atlanta, London, Sydney, Toronto.

Hennessy, B . 2000 " *Writing Successful Essays*" , How to Books, Oxford.

Hewings, M (ed) 2001. *Academic Writing in context* , Implications and applications, The University of Birmingham, MPG Books, London.

Oshima, Alice and Hogue Ann 1999. " *Writing Academic English*", Longman , New York.

Robinson, P C . 1980 " *English For Specific Purpose*" , Pergamon Press , Oxford, New York, Toronto, Sydney, Paris, Frankfurt .